www.kurdistannet.org
5-7-2007 23:12بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**تەزوو (47) ... مقداد شاسواری:**

راگرتنی پەخشی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی، یان کۆکردنەوەی کتێبێك لە بازاڕ، یان کلۆمدانی دەرگای رۆژنامەیەك، یان یاساغکردنی گۆرانییەك و، هەر شتێکی تری لەو بابەتە، لە ئەدگار و خەسڵەتە کرێت و ناشیرینەکانی سیستەمە دیکتاتۆرییەکانە و، لەم سەردەمەدا بە کارێکی شورەیی و عەیبە دێتە ئەژماردن، چونکە هەموو ئەوانە رێگرن لەبەردەم گەشەکردنی ئازادی و بیروڕای سەربەست و، بۆگەنبوون و چەقبەستوویی کۆمەڵگا لەسەر پاژنە کۆن و ژەنگ گرتووەکەیدا. لای ئێمە، سەرەڕای ئەوەی هەمووان بانگەشەی ئازادی و مۆدێرن بوون دەکەن، بەڵام هێشتا مەلایەك ئەو دەسەڵاتەی هەیە تەرازووی هەموو پێوەرە سەردەمییەکان بشێوێنێ و، یەکەم و دوا قسە بۆ پیاوانی ئایین هێشتراوەتەوە. کەسە پیرۆزەکان و چەمکە پیرۆزەکان و پیشە پیرۆزەکان و ناوە پیرۆزەکان بوونەتە درکەلانێك و شوێنێکیان نەهێشتۆتەوە تا گوڵێکی ئازادی لە توانایدا بێ خۆی بنوێنێ.



(مەلا) سەردەمێك بەهۆی عیلمەکەیەوە جێی رێزی خەڵکی بوو، چونکە ئەو عیلمە ئایینییەی لای ئەو هەبوو لای خەڵکی عەوام و رۆشنبیر نەبوو. بەڵام زەمەن گۆڕاوە و هەنووکە هەر منداڵێکی سەرەتایی بدوێنی عیلمی مەلایەکی پێیە. بە هەرحاڵ ئەوان هێشتا لە مزگەوتەکانیاندا ئەگەر تەنها کار بۆ هۆشیاریی ئایینی بکەن جێی رێزن، بەڵام رەوا نییە لەم زەمەنەی ئێمەی تێدا دەژین ئەوان خۆیان لەسەرووی ئازادییەکان دابنێن و خۆیان لە هەموو کارێکدا هەڵقورتێنن و رێگر بن لەبەردەم ئازادی ئەدەب و هونەر بە هەموو ژانرەکانی و، دەبێ لێگەڕێن خەڵکی خۆی بڕیاردەری ئەوە بێ چی باشە و چی خراپە. چونکە ئەقڵی خەڵکی ئەم سەردەمە زۆر گەشە سەندووترە لەو زەمەنەی ئەوان جڵەوی کۆمەڵگایان بە دەستەوە بوو. ئەگەر بڕیار بێ هەر کارێکی هونەری کە لەم وڵاتەیا بکرێ، بە فیلتەری یەکێتی زانایان و حیزبە ئیسلامییەکاندا تێپەڕ بێ، دەبێ فاتیحای داهێنان و پێشکەوتن و کرانەوە و ئازادی بخوێندرێ، چونکە هەموو ئەو شتانەی لە روانگەی ئەم زەمەنەوە ئازادن بە دیدی ئەوان ئیباحیەت و کوفرە. لەم وڵاتەیا هەمووان فریشتەی خوایین و، نە هونەر و نە ئەدەب و نە نووسین و، نە رۆژنامە، کەس نابێ تخونیان بکەوێ، ئەی دەسەڵات باس لە کام ئازادی دەربڕین دەکات و شانازی بە کام دیاریی دیموکراسییەت دەکات کە پێشکەشی بەم میللەتەی کردبێت. دەبێ لەمەودوا چ راستگۆییەك بۆ ئیدیعای مۆدێرن بوونی دەسەڵات بمێنێتەوە کاتێك پەخشی زنجیرەیەك لە ژێر گوشاری هەڕەشە و خوتبەکانی چەند مەلایەك رادەگرێ و هیچ بایەخێکیش بە ویست و سەلیقەی خەڵکی نادات و مانایەکیش بۆ ئازادی و مۆدێرنیتە ناهێڵێتەوە.

لەمەودوا ئەگەر ویستمان هەر زنجیرەیەك، شانۆگەرییەك، نووسینی کتێبێك، کلیپ کردنی گۆرانییەك، ریپۆرتاژێکی رۆژنامەگەریی ئامادە بکەین، دەبێ پێشەکی رای یەکێتی زانایان و یەکە یەکە حیزبە ئیسلامییەکان وەربگرین ئەگینا ئەوان هێزی لە هەمووان سەرووترن و بۆیان هەیە (نامەی بەختی هەمووان بسووتێنن) و هەر چییەکی بە دڵی مووبارەکیان نەبوو رایگرن و تەکفیری بکەن. بەڵام ئەوان ئەو راستییە نازانن هەرچییەکی ئەوان یاساغی بکەن لای خەڵکی خۆشەویستتر دەبێ و خەڵکی شێلگیرانەتر بەدوایدا دەگەڕێن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زنجیرەی (ئاریا) ئەگەر زۆر کەسیش ئەو پێنج ئاڵقەیەی کە پەخش کرا نەیبینیبێ لەمەودوا هەمووان بە پەرۆشییەوە بە دوایدا دەگەڕێن و وردتر سەیری دەکەن و کاریگەریشی زیاتر دەبێت. ئێمە هێشتا ونبووی نێو کوچە و کۆڵانەکانی جەهالەتین و ماومانە بزانین ماڵی (ئازادی) ڕێگای لە کوێوەیە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.